کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
4-10-2007 23:44بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**لە پەراوێزی هەڵمەتەکەی پۆلیسی گەرمیان بۆ تەبج ئامریکا هاوکاری تیرۆرو دژی کوردە... ڕاپۆرتی: گەرمیانی حەمەی پوور**

بە هۆی شەڕو ناکۆی نێوان عەرەبی شیعەو سونەی شارەکەوە بەغدا بە تەواوی بووبووە مۆڵگەی



تیرۆریستان و لە سایەی ئەو ناکۆکیانەو پشێوییەکانی شارەکەدا گەلێك گروپی تیرۆریستی لە هەردوو مەزهەب دروست بوون، و لەگەڵ ئەمانەشدا تۆڕی تیرۆریستی قاعیدە لە عێراق بەگشتی و بەغداد بە تایبەتی بووژایەوە، و مەودای چالاکییەکانی بەرفراوانتر کرد، کاتێکیش ئامریکا بۆ هێور کردنەوەی بارودۆخی ئەو شارە، و زاڵبوون بەسەریدا، پرۆسەی ئەمنی لە بەغداد ڕاگەیاندو گروپە تیرۆریستییەکانیش لە شارەکە هەڵکەندران و ڕوویان لە شوێنگەلێکی دی کرد کە بە پلەی یەکەم هەردوو ناوچەی ڕوومادی و دیالەیان هەڵبژارد، "بوونی گۆرپە تیرۆریستییەکان بە گشتی و کۆنە بەعسیەکان کە زیاتر لە چەند گروێکن لە گەڵ کەتیبەکانی قاعیدە بە تایبەتی لە شاری بەعقوبەو دەورووبەری بەشێوەیەك پەرەی سەندو بووبە هۆی مەترسی بۆ ناوچەکە، کە حکومەتی عێراق و ئامریکای ناچار کرد بۆ لە ناوبردنیان هەڵمەتی (تیری برەندە) دەست پێ بکەن"، لەم هەڵمەتەدا ژمارەیەکی زۆر لە تیرۆریستان کوژران یان بۆ شوێنەکانی تری سنووری پارێزگای دیالە هەڵاتن.

## ڕاگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی لە تەبج

شوێنی سەرەکی بۆ مانەوەو گەشە سەندنی تیرۆریستان لە دوای هەردوو هەڵمەتی (پرۆسەی ئەمنی بەغداد) و (تیری برەندە) لە دیالە، زنجیرە چیای حەمرین و دەشتاییەکانی جەلەولاو سەعدییە بوو ئەوناوچەی کە بە (تەبج) ناودەبرێت، "تیرۆریستان بە تایبەت عەرەبی سونە مەزهەب و بەشێك لە پاشماوەی حزبی بەعسی لە ناوچوو ناوچەکەیان کردە مەڵبەندێك بۆ چڕ کردنەوەی کارە تیرۆریستییەکانیان لە ڕفاندنی هاولاتی سڤیل و گرتن وکوشتنیان یان ئازاد کردنیان لە بەرامبەر بڕێکی زۆر پارە یان خۆتەقاندنەوەو هاوەن باران کردنی هەردوو شاروچکەی جەلەو لاو سەعدیە بە جۆرێك کە بە فەرمی بارەگایان لە ناوچەکە کردبووەوە"عەمید چەتۆ ساڵح بەر پرسی هێزەکانی پۆلیسیگەرمیان ئامازە بەوە دەکات کە "تیرۆریستان خەلافەتی ئیسلامیشیان ڕاگەیاندبوو تا ئەوێ بکەنە سەرەتایەك بۆ ڕزگار کردنی هەموو جیهان".

ئەو گروپانە کە لەناوچەی تەبج و زنجیرە چیای حەمریندا گیرساونەتەوە "زیاتر لە 6 گروپ دەبن لە دیارترین وبەرفراوانترینیان هەردوو گروپی (سوپای دەوڵەتی ئیسلامی عێراق) <کە لە کۆمەڵێك شکست خواردووی پاشماوەی بەعس پێکهاتوون و کەتیبەکانی تۆڕی تیرۆریستی قاعیدەن، ئەوانی تر کەتیبەکانی شۆڕشی بیست و ئەنسارول ئیسلامن و زۆربەشیان چەند کەسانێك بۆ خۆیان بەڕێوەی دەبەن کە بەزۆری کاریان ڕفاندنی هاولاتیانە بۆ دەستکەوتی ماددی"، ووتە بێژی هێزەکانی پۆلیسی گەرمیان لە ناوچەکە ئەوە ئاشکرا دەکات کە "بە شێك لە تیرۆریستانی ئەوی هیچ بیروباوەڕێکیان نەبووە کە کاریان کردووە تەنها وەکو مافیا نەبێت کە ئەنجام دەری کردەوە ڕفاندن وکوشتنن".

## (نەدا) شوێنی گەورەترین کردە تیرۆریستییەکان و تیرۆر کردنی پلەدارانی کورد

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەشێك لە تیرۆریستان كە بە ووتەی سەرچاوەیەكی هێزەكانی پاسەوانی سنوور "تەنها لە دانشیتوانی گودنشینەكان پێكهاتوون، باشووری شاری خانەقین و دەوروبەری (نەفتخانە) یان كردبووە ئامانجی كردە تیرۆریستییەكانیان.
(نەدا) ئەوگوندەیە كە "تائێستا گەورەترین كردەی تیرۆریستی تێدا رووی داوەو گەورە بەرپرسانی كوردی كردووەتە ئامانج" لە كۆتایی مانگی شەش (ڕائید جاسم وەستا شەریف) برای بەرپرسی هێزەكانی پاراستنی سنووری دیالە لەگەڵ لەدارێكی تر لەكردەیەكی تیرۆریستدا بە تەقاندنەوە بۆمبی چێنراو تیرۆر كران وچەند كەسێكیشیان بەخەستی بریندار بوون، لە ناوەڕاستی مانگی تەمووزیشدا و لەهەمان شوێن (ڕائید فاتیح شێخ لەنگەری) یەكێك لە ئەفسەرانی هەمان هێز لەگەڵ دوو لە پاسەوانەكانی بە كردەیەكی تیرۆریستی هاوشێوە تیرۆركران.
تەرمی پۆلیسێك بەكوڵاوی لە بەردەم بارەگایەكی پۆلیسدا فرێ دەردرێت
سەرچاوەیەك لە نێو پۆلیسی پاسەوانی هەرێم كە لە باینجانەوە بۆ نەفتخانە گواسترابوونەوە ڕایگەیاند "وەجبەی پێش ئێمە كە بە ماوەیەك لە ناوچەكە مابوونەوە باسیان لە مەترسی خەڵكی ناوچەكە دەكرد كە هەموو گومانی تیرۆریستیان لەسەرە ئەوەیان پێ وتین كە بە چەندرۆژێك پێش ئەو كاتەی ئێمە بچینە ئەو شوێنە، پۆلیسێك كە بە ماوەیەك لە بارەگاكەیان دوور كەتووەتەوە نەماوەو بە شەوەكەیدا تەرمەكەیان بە كوڵاوی لە نێو قاپێكدا لە بەرامبەر بارەگاكە داناوە، ئەمەش تاڕادەیەك پۆلیسەكانی لە خەڵكی ناوچەكە وریا كردەوە.
وازهێنانی پۆلیس.
پاش ماوەیەك لە مانەوەی ئەو هێزەی پاسەوانی هەرێم كە لە باینجانەوە هێنرابوون ژمارەك لە پۆلیسەكانی بۆ جارێكی تر ناگەڕێنەوە، یەكێك لەو پۆلیسانەی كە ئێستا لە ماڵەوە دانیشتووە ووتی "هەر وەجبەیەك كە دەهاتینەوە بۆ ماڵەوە ژمایەكمان نەدەگەڕایەوە، تا ئەوكاتەی كە من وازم هێنا تەنها لە وەجبەی ئێمە 30 پۆلیس نەگەڕاینەوە".
هەڵمەتی پۆلیسی گەرمیان وپاككردنەوە ناوچەی تەبج
لە كۆتایی مانگی حوزەیراندا بۆ لەناو بردنی بارەگاكانی ئەو گروپە تیرۆریستیانەی كە لە ناوچەكە گیرسابوونەوەو، خەلافەتی ئیسلامیان ڕاگەیاندبوو، هێزەكانی پۆلیسی گەرمیان ئۆپەراسیۆنێكیان بۆ ناوچەی تەبج دەست پێكرد "لەو هەڵمەتەدا نزیكەی 150 گومان لێكراوو تیرۆریست دەستگیركران و كوژران و چەندین پارچە چەك و تەقەمەنی دەستی بەسەردا گیراو نزیكەی 20 گوندیش پاككرانەوە".
لە سەرەتای مانگی ئەیلولیشدا "پۆلیسی گەرمیان هەڵمەتێكیان بۆ زنجیرە چیاكانی حەمرین دەست پێكردو لەو دەمەدا یەكەمین ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ تێرۆریستان ڕوویداو دوو ئەفسەر لە هێزەكانی پۆلیسی گەرمیان تیرۆر كران و ژمارەیەك پۆلیسیش بریندار بوون، لەگەڵێشیاندا 10 تیرۆریست لەو شەڕەدا كوژران و 12ی تر لە شەركەداو بەچەكەوە بەدیل گیران كە هەموویان سەر بە تۆڕی تیرۆریستی قاعیدە بوون، هەر وەها 7 گوندی ناوچەكەش لە تیرۆریستان پاككرانەوە".
هێزەكانی ئامریكا هاوكار تیرۆریستان دەكەن وبە ئەنقەست بۆردومانیپۆلیس كوردستان دەكەن.
شتێك كە جێگەی نیگەرانی وهەندێكجار گومانی ناوەندی سەربازی وسیاسیی و تەنانەت ئیدارییەكانی ناوچەكەشە هازكاری كردنی تیرۆریستانەوە لە لایەن هێزەكانی فرەنەتەووەوە.
بەر پرسێك كە ڕازی نەبوو بە ناو هێنانی لە تەبج ئەوەی ئاشكرا كرد كە چەندین تیرۆریست وداواكراون دەستگیر كردووەو، بەلامدوای تەسلیم كردنی بە هێزەكانی ئامریكا ئەو تیرۆریستیانە ئازادكراون، بەلام سەركردەی هێزەكانی پۆلیسی گەریان لە كۆنگرەیەكی ڕۆژنامەوانیداو لە وەلامی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پرسیارێکماندا ئەوەی بە درۆ خستەوەو ڕایگەیاند "هیزی ئامریکاش وەکو ئێمە لە دژیان دەجەنگێت و (شەهید) ی داوە، ئیتر چۆن هاوکاریان دەکات".

ماوەیەك لەمەو پێش دوو فڕۆکەی جەنگی وهەلی کۆپتەری ئامریکا بارەگایەکی هێزەکانی پۆلیی بەرگری گەرمیانی بۆردوما ن کرد کە ژمارەیەك کوژراوو بریندارى لێکەوتەوەو بە بۆ چوونی زۆربەی ناوەندە سیاسی و سەربازیەکانی ناوچەکە ئەمە بە کارێکی ئەنقەست و بەرنامە بۆ داڕێژراو بووە.

پێشمەرگە جێگەی پۆلیسی گەرمیان دەگرێتەوە

پاش 3 مانگ و سێ "شەهید" پۆلیسی گەرمیان هێزەکانی خۆی لە ناوچەی تەبج کشاندەوەو دوابەدوای ئەوەش دوو لیوای هێزی پێشمەرگە شوێنیان گرتەوە، لە مەراسیمێکدا هێزە پۆلیسی گەرمیان گەشتنەوە شوێنی خۆیان و لە لایەن ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی کەلار و بەرپرسانی حزبی وحوکمی شارەکەوە پێشوازییان لێ کرا.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.